چاپی ئەزموونی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ٧

## پۆلی حەفتەمی بنەڕەتی
## کتێبی قوتابی

ئامادەکردنی

عبدالله رشيد حسن | جمال عمر عبدالله | د.نبيل فتحی حسين

عـمـر علي شريف | يوسف عثمان حمـد | كاوه عـمـر حـمــد

بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی پرۆگـرام و چاپەمەنییەکان بە سوپاسـەوە تێبینی و پێشـنیارەکانتان دەربارەی
ئــەم کتێبە وەردەگرێت لــە ڕێگای ئیمێلـی: bgprogram@moe.gov.krd

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە خوێندنی ئەم کتێبە لە چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی
ئەزموونی بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (        ) لەڕێکەوتی (        ) لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

گشت مافەکانی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە
کوردستان - هەولێر

پێداچوونەوەی زانستی:
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
سەرپەرشتیاری چاپ:
سەرپەرشتی هونەری چاپ:
دیزاینی بەرگ:
دیزاینی ناوەوە:
ژمارەی سپاردن:
تیراژ:
چاپ: چاپخانەی

چاپی یەکەم    ٢٠١٩ زاینی    ١٤٤٠ کۆچی    ٢٧١٩ کوردی


کوردستان
وڵاتی هیوا

## هۆکارەکانی خوێندنی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی:

لە کاتێکدا کە ئێمەی کوردستانی بە تامەزرۆیی باسی گرنگی کارامەیی و بەهاکان دەکەین لە بونیادنانی داهاتووی گەلەکەمان و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کەسایەتی منداڵان، لە سەردەمێک لە ئاڵوگۆڕی خێرا و سەرسوڕهێنەردا دەژین کە ڕەنگە تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بە بێ گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانکارکردن لە پڕۆگرامەکانی خوێندن ئەستەم بێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بابەتێکی نوێی زیاد بکرێت لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی، لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئامادەکردن و خوێندنی پڕۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

•داواکاری کۆمەڵگەی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن بەمەبەستی گونجاندن و دەوڵەمەندکردنی بە بنەماکانی مرۆڤایەتی.


•جێبەجێکردنی دیدگای هەرێمی کوردستان، لە پێناو توانادارکردنی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و پاڵپشت بێت بە بەها و چەمکە مرۆڤایەتی و دیموکراتییەکان.

•یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەهاکانە. ئەو بەهایانەی دەبێت ببێتە بەشێک لە ڕەفتارو ڕەوشتی نەوەکانی داهاتوو، واتە دارشتنی کەسایەتی نەوەی دوارۆژ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و هاوبەشەکانی لە ڕێگای ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەکۆیکار بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سەرجەم پڕۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بکات.

بەلەبەرچاوگرتنی دەستپێشخەریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسیف) بە ناوی فێربوونی کارامەییەکانی ژیان و هاووڵاتیبوون لە خۆر هەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا.

• کاوە عمر حمد •
بەڕێوبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی چوار بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.



# ناوەرۆک

## بەشی یەکەم هاووڵاتیبوون ( حکومەت )


| ژمارەی لاپەڕە | وانە |
| --- | --- |
| ...................................... | دامودەزگای حکومەت. |
| ...................................... | دامودەزگای خۆجێیەتی. |
| ...................................... | ڕۆلی دامودەزگای حکومەت. |
| ...................................... | پاراستنی موڵکی گشتی. |


## بەشی دووەم مافەکان ( پۆلێنکردنی مافەکان )


| ژمارەی لاپەڕە | وانە |
| --- | --- |
| ...................................... | بنەمایەکانی مافەکانی مرۆڤ. |
| ...................................... | قۆناغەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. |
| ...................................... | جۆرەکانی مافەکانی مرۆڤ. |
| ...................................... | خەسڵەتەکانی مافەکانی مرۆڤ. |

## بەشی سێیەم كارامەییەكان ( كارامەیی عەقلی )

| وانە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| هونەری بیركردنەوە. | ........................................ |
| بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە. | ........................................ |
| بیركردنەوەی داهێنەرانە. | ........................................ |
| بیركردنەوەی ئەرێنی. | ........................................ |

## بەشی چوارەم بەهاكان (دادپەروەری)

| وانە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| گرنگی دادپەروەری. | ........................................ |
| جۆرەكانی دادپەروەری. | ........................................ |
| دادپەروەری لە بڕیاردان. | ........................................ |
| دادپەروەری كۆمەڵگە. | ........................................ |

# پێشەکی

کاتێـک پرۆگرامـەکان کەرەسـتەی گۆڕانکارییەکانـی پـەروەردە و ئامانجـی سەرخسـتنی پەروەردەیەکی دروستە، ئـەوا پرۆگرامـەکان لـە خەسڵەتی تایبەتـی و گشـتییدا زانستێکە ڕێسـا وچەمکـی خـۆی هەیـە.

بـە پلانێکـی تۆکمـە هەوڵـدرا هەمـوو گۆڕانکارییەکانـی پرۆگرامـەکان لـە بەرژەوەنـدی تاکێکـی تەندروست بێت هاوتەریب لەگـەڵ پرۆسـەی پێشکەوتنی زانستیی و کۆمەڵایەتـی ئابـوری بـە لەبەرچـاو گرتنـی تایبەتمەنـدی کولتـور و ڕۆشـنبیری لـە ژێـر ڕەهەندەکانـی نیشـتیمان و ئاشـتی جیهانـی.

ئـەم هەوڵـە لـە سـەرەتادا فێربوونـە دەربـارەی پەیڕەوکردنـی کارامەیـی و بەهـا و چەمکـە کۆمەڵایـەتییـەکان، هەوڵـدرا شـێوازە کلاسیکیەکە تێپەڕێنیـن زیاتـر بـوار بـە خـودی منداڵ بدرێـت لـە ڕێگـەی تێگەیشـتن و وەرگرتـن و جێبەجێکردنـی کارامەیـی و بەهـا و زانستە کۆمەڵایەتییـەکان ئـەوان پێشـەنگی گۆڕانکارییـەکان بـن لـە ڕەفتارەکانیـان بەهـۆی تاقیکردنـەوەی چالاکییـەکان و وروژاندنـی پرسـیاری کۆزانیـاری و پـرۆژە هاوبەشـەکانی نێوان خۆیـان. لـە ڕێگـەی بابەتەکانـی ئـەم کتێبـە دیـدی تایبـەت بـە خۆیـان هەبێـت بـۆ ئاینـدە و سـەرکردایەتی گۆڕانکارییـەکان بکـەن.

**مامۆستای بەڕێز:** ئـەم پرۆگرامـە تەنیـا بـۆ تاقیکردنـەوەو لێپرسـینەوە نیـە، ئامانجـی فێربـوون لـەم پرۆگرامـە قوتابیـان کاراکتـەری سـەرەکی بابەتەکانـن لـە ڕێگـەی چالاکی و بیرکردنـەوە و گفتوگۆکـردن و ڕاهێنانـدا، بـا خۆیـان سەرپشـک بـن لـە چۆنیەتـی

ئەنجامدانی: کاری بەڕێزتـان بەشداریکردنە لـە ڕێگـەی سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی ڕۆڵـە سـەرەکییەکان لـە کات و چالاکییەکانـدا.

**دایک و باوکی بەڕێز:** ئـەم پڕۆگرامـە ڕۆڵـی ئێـوە کارا دەکات چـۆن ئێـوە بەشـێکن لـە بەرەوپێشـبردنی کارامەیـی و بەهـاکان بەشـداربن لـە چالاکـی و وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە بوێرانـەی کـە منداڵەکانتـان لەگەڵتـان هاوبـەش دەبـن.

**قوتابیانی بەڕێز:** ئەمـە هەولێکە بۆ چالاکبوونی تواناکان و کارامەییە خوودییەکان،کەخۆت بەشـێک بیـت لـە گۆڕانکارییـەکان بـە گیانێکـی سـەرکردە تێڕوانینـەکان بـۆ ئاینـدە بەرنامەڕێـژ بکەیـت، سـەرجەم چالاکییـەکان کاری ڕۆژانـەی تۆیـە کـە لـەم پڕۆگرامـە خراوەتـە ڕوو بۆیـە ئاراسـتەی هەمـوو تێگەیشـتنەکان لـە چالاکییـەکان لـە بیرکردنـەوەی تۆدایـە تەنهـا کاری ئێمـە ڕێکخسـتن بـووە بـە پێـی کات و شـوێنی پێگەیشـتنی هزروبیـری **تۆی بەڕێز.**

بێگومـان لـە کاتـی جێبەجێکردنـی ئـەم پڕۆگرامـە ڕووبـەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبینەوە، بـەڵام بـە هـاوکاری هەمـوو لایـەک هەوڵدەدرێـت هەمـوو شـتێک لـە بەرژەوەنـدی منداڵ بێـت و هەرخـۆی چەقـی فێربوونـی گۆڕانکارییەکانبێـت، چونکـە ئـەم پڕۆگرامـە بـە پێـی پێوەرەکانـی بەڵگەنامـەی پڕۆگرامـەوە ئەنجامـدراوە.

بەشی یەکەم | هاووڵاتیبوون

یەکەی

# حکومەت

١ دامودەزگای حکومەت.

٢ دامودەزگای خۆجێییەتی.

٣ ڕۆڵی دامودەزگای حکومەت.

٤ پاراستنی موڵکی گشتیی.




ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

## ئامانجی فێربوون :

١- ناسینی بنەماکانی حکومەت.

٢- پابەندبوون بە یاساکانی دەوڵەت .

٣- ئینتیما بۆدەوڵەت ودامودەزگای حکومەت .

٤- ناسینی ڕۆڵی دامودەزگای حکومەت .

٥- بەراوردکردن لە نێوان موڵکی تایبەتی وگشتی .

٦- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دامودەزگای حکومەت .

٧- نرخاندنی پارێزگاریکردن لە موڵکی گشتی .

٨- زانینی بنەماکانی پاراستنی موڵکی گشتی.

یەکەی یەکەم | دامودەزگای حکومەت

## بیرۆکەی سەرەکی

**دامودەزگای حکومەت**

بچووکترین کاری ڕۆژانە کە هەرکەسێک کەپێی هەڵدەستێت تا دەگاتە کاری بەڕێوەبردنی بچووکترین دامەزراوە، ئینجا لەسەر ئاستی حکومەت و یاحوکمڕانی بێت قۆناغ و ئەنجامەکانی پەیوەستە بەوە تا چەند شارەزایی تێدا بەکارهاتووە. ئاستی جۆری ژیان و گوزەرانی هەر تاک و کۆمەڵگەیەک بەستراوەتەوە بە جۆری حکومەتی نیشتیمانی و حکومەتی خۆجێیەوە، ئەو حوکمڕانیە لە خێزان و گرووپەوە دەست پێ دەکات تا باڵاترین دەسەڵاتی حکومەت، کەلە دامەزراوەی دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە ئەم دەوڵەتەش پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا. خاڵی هاوبەشی هەموو جۆرەکانی حکومەت لەجیهاندا ئارەزووی پێداگری حوکمڕانییە بۆ پاراستنی دەسەڵات، بەڵام ئەوەی حوکم دەکات لەگەڵ حکومەت لەیەک جیا دەکاتەوە جۆری حکومەت و ئامانجی پیادەکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی دەبێت جۆری حوکمڕانی و دەسەڵاتداریکردن بەجۆرێ پیادە بکرێت کە مایەی خۆشبەختی وخۆشگوزەرانی خەڵک بێت.

## چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- حکومەت　　٢- یاسا　　٣- دەستوور　　٤- ئایدۆلۆژی

## ناسینی دامودەزگای حکومەت هاووڵاتیبوونە

## چالاکی ناو پۆل ١

دامودەزگاکانی حکومەت چییە؟ لەگەڵ هاوپۆلەکانت ئەمە گفتوگۆ بکە بەهاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناو پۆل ٢

ئەرکی دامودەزگاکانی حکومەت چییە؟ ئەم دەستەواژەیە گفتوگۆ بکەن بەهاوکاری مامۆستای بابەت .

## کارامەیی گەڕان

تەنها یەک ئەرکی سەرەکی ئەم وەزارەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنووسە، بەسوود وەرگرتن لە تۆڕی ئەنتەرنێت.

وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی داد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کشتوکاڵ.

(وێنە ی باڵاخانەی پەرلەمانی کوردستان)

## زیادکردنی زانیاریەکانم

**حکومەت:** قەوارەیەکی رامیاری و کارگێڕییە، دەسەڵات و سەروەری لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو هەیە. لە ڕێگەی چەند دامودەزگایەکی هەمیشەیی بەڕێوە دەچێت .

جۆرەکانی حکومەت پۆلێن دەکرێت بۆ:

١- حکومەتی پاشایەتی/ پاشا باڵاترین دەسەڵاتە و حوکمرانی بۆ ماوەیەکی درێژە تا مردنی پاشا و دەسەڵات پشتاو پشتە.

٢- حکومەتی پەرلەمان/ جۆرێکی حوکمڕانیە لە ڕێگەی وەرگرتنی متمانەی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)، لەسەر کابینەی وەزارەتەکەی دەست بەکاردەبێت، دەسەڵاتی سەرەکی لەدەست سەرۆکی وەزیرانە.

٣- حکومەتی کۆماری/ ئەو سیستەمە حوکمڕانیە کە سەرۆک کۆمار ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە دیاری دەکرێت و سیمای حوکمرانی پشتاوپشت نییە.

٤- حکومەتی فیدراڵی/ لە چەند یەکەیەکی دەستووری پێکهاتووە، هەریەکەو سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە و کەهەموو دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات، ئینجا دەسەڵاتە جێبەجێکردن بێت یان یاسادانان یان دادوەری، سیستەمی حوکمڕانی ئەو هەرێمانە بەوە دەناسرێتەوە کە لە دەستوور ئاماژەی پێکراوە وبۆیە حکومەتی مەرکەزی ناتوانێت ئەم سیستەمە بگۆڕێت.

٥- حکومەتی دیکتاتۆری/ شێوەیەکە لە شێوەکانی حکومەتی ڕەها کە هەموو دەسەڵاتەکان لای کەسێک کۆکراوەتەوە بەبێ گوێدان بە هیچ ڕایەکی دیکە . وەکو پاشای ڕەها ، دیکتاتۆری سەربازی.

## چالاکی ماڵەوە

بە (شەش) دێڕ باسی مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکە، بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری وبەهاوکاری یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## تێبینی دەکەم فێردەبم و بیردەکەمەوە

بەسەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە جۆرەکانی دەسەڵات دەزانم.



وێنەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی



وێنەی ئەنجوومەنی وەزیران



وێنەی ئەنجوومەنی دادوەری



وێنەی ئەنجوومەنی پارێزگا

## یەکەی دووەم    حکومەتی خۆجێیی

### بیرۆکەی سەرەکی

حکومەتــی خۆجێیــی بەشــێکە لــە حکومەتــی نیشــتیمانی کــە دەســەلاتی هەیــە لــە ســنوورێکی جوگرافــی دیاریکــراودا، ڕۆڵێکــی ســەرەکی دەبینێــت لەژیانــی ڕۆژانــەی خەڵــک چونکــە حکومەتــی خۆجێیــی و دامودەزگاکانــی پێداویســتیە خزمەتگوزارییەکانــی هاووڵاتیــان دابیــن دەکات، وهەڵبــژاردن بنەمایەکــی ســەرەکیە بــۆ حکومەتێکــی خۆجێیــی خۆشــگوزەران. هەمووومــان بەرپرســین بەرامبــەر پڕۆســەی دیموکراســی لــە حکومەتــی خۆجێیــی.

### چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- ڕێکخراوەکانی مەدەنی    ٢- فەلسەفە    ٣- هەڵبژاردن    ٤- هەرێم

(وێنەی ئەنجوومەنی شارەوانی)

## چالاكی ناو پۆل ١

ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هاوکاریکردنی حکومەتی خۆجێیی چییە؟ لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاكی ناو پۆل ٢

(هەڵبژاردن بە گرنگترین بنەمای حکومەتی خۆجێیی دادەنرێت) لەگەڵ هاوپۆلەکانت شرۆڤەی ئەم دەستەواژەیە بکەن بەهاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەڕان

فەلسەفەی بەڕێوەبردنی حوکمداری بەندە بە ئاستی جۆریەتی پەروەردە و فێرکردن هەندێک لە وڵاتانی جیهان لە وڵاتێکی هەژارەوە ئاستی پێشکەوتنیان بەرزبۆتەوە وپێشبڕکێ وڵاتانی تردەکەن لەڕێگەی کەرتی پەروەردە و فێرکردن.

چەند نموونەیەک لەو جۆرە وڵاتانە بنووسە، بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بەهاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت

**ڕەوایی حکومەتی خۆجێیی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراسی پەیڕەو دەکرێت.**

## زیادکردنی زانیارییەکانم

دوای گۆڕانکارییـەکان و بـەرەو پێشـچوونی بنەماکانـی مافـی مـرۆڤ و دیموکراسـی لـە جیهـان و هەرێمـە جیـاوازەکان، وڵاتـان کەوتنـە دانانـی بەرنامەیـەک بـۆ بەڕێوەبردنـی کارگێـڕی خۆجێیـی ئەمـەش نـەک لەبـەر جیابوونـەوە و فراوانکردنـی سـنوورەکان بەڵکـو بـە هـۆی تایبەتمەنـدی ئـەو هەرێم و ناوچانـە کـە دەتوانـن لـە ڕێگـەی یاسا نێوخۆییەکانـەوە باشترین خزمـەت پێشـکەش بکـەن و پێوەرەکانـی خۆشـگوزەرانی بـۆ تـەواوی خەڵـک دابیـن بکـەن لـە ڕێگـەی پڕۆسـەی دیموکراسـی لـە هەڵبـژاردن.

## چالاکی ماڵەوە

بـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری وبەهـاوکاری کەسـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت نـاوی دوو ڕێکخـراوی کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـە هەرێمـی کوردستان بنووسە کە لـە بـواری پـەروەردە کاردەکـەن.


### پایتەختی هەرێم


## تێبینی دەکەم فێردەبم و بیردەکەمەوە

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبنی ئەوە دەکەم ئەرکی حکومەتی خۆجێیی خزمەتکردنی خەڵکە.


(وێنەی پرۆژەی ڕێگاوبان)


وێنەی دروستکردنی باڵەخانەی نەخۆشخانە)


وێنەی دروستکردنی باڵەخانەی نەخۆشخانە)


وێنەی پرۆژەی ئاوی پاک بۆ لادێ

## یەکەی سێیەم  ڕۆڵی دامودەزگاکانی حکومەت.

### بیرۆکەی سەرەکی

حکومەت لەکۆمەڵێک دامودەزگای گشتیی پێکدێت ڕۆڵی سەرەکیان بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیانە لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستیە خزمەتگوزارییەکانی وەک(ئاوی پاک، کارەبا، سووتەمەنی، ڕێگەوبان، پەروەردە و فێرکردن، چاودێری تەندروستی وپاراستنی ژینگە).
کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بە کاریگەری ڕۆڵی دامودەزگای خزمەتگوزارییەکانەوە بەندە، واتە ڕۆڵی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان پێوەرە بۆ ئاستی پێشکەوتنی شارستانێتی.

### چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- وەزارەت   ٢- کابینەی حکومەت   ٣- دامودەزگای حکومەت   ٤- دەسەڵات

وینەی کابنەی حکومەت کە سوێند دەخۆن

**حکومەت لە کۆمەڵێک دامودەزگا پێکدێت بۆ خزمەتکردنی گشتیی کاردەکەن**

## چالاکی ناو پۆل ١

حکومەت لە ڕێگەی دامودەزگایەکانی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات، بە هاوکاری مامۆستای بابەت گفتوگۆ شرۆڤەی ئەم بابەتە بکەن.

## چالاکی ناو پۆل ٢

ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چاودێریکردنی کاری دامودەزگای حکومەت چییە؟ ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەڕان

بە سوود وەرگرتن لە ماڵپەری ئەلیکترۆنی و بەهاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت ئەرکی دەستەی ژینگەی کوردستان بنووسە.

**وێنەی ژینگە**

## زیادکردنی زیانیاریەکانم

**گرنگترین ئەرکی هەر یەکێک لەم وەزارەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە:**

١- وەزارەتــی پــەروەردە: دانانــی سیاســەتی پــەروەردە بەمەرجێــک لــە سروشــتی کۆمەڵگــەی کوردســتانی و پێویســتییەکانی و داواکاریەکانــی پێشــکەوتن ســەرچاوە بگرێــت.

٢- وەزارەتــی تەندروســتی: ئامادەکردنــی ئــەو پێداویســتیيانەی کــە مافــی شــیاوی تەندروســتی تــەواو بــۆ هاووڵاتیــان دەســتەبەر دەکات لــە لایەنــی جەســتەیی و ئەقڵــی و دەروونییــەوە لەگــەڵ گرنگــی پێدانیــان. .

٣- وەزارەتــی گواســتنەوە وگەیانــدن: بەرزکردنــەوەی ئاســتی خزمەتگــوزاری گواســتنەوەیە بــە شــێوازی جیاجیــای هەروەهــا خزمەتگــوزاری گەیانــدن بــە ســوود وەرگرتــن لــە تەکنیکــی نوێــی و ســەردەم.

٤- وەزارەتــی رۆشــنبیری: بایەخــدان بــە بنیاتنانــی ژێرخانــی پێویســت بــۆ پەرەپێدانــی بوارەکانی رۆشــنبیری و هونــەر و وەرزش و تواناکانــی لاوان، بلاوکردنــەوەی و پەرەپێــدان و پارێزگاریکردنــی رەســەنایەتی رۆشــنبیری کوردســتانی.

٥- وەزارەتــی داراییــی ئابــوری: دانانــی بنچینــە گشــتییەکانی بەڕێوەبــردن و رێکخســتنی داهاتــە داراییــی و ئابورییــەکان و دانانــی بودجــەی گشــتیی لــە هەرێمــدا.

٦- وەزارەتی پێشمەرگە: ئەرکی پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستانە لە مەترسییەکان .

٧- وەزارەتــی ناوخــۆ: پاراســتنی ئاسایشــی ناوخــۆی و ســەپاندنی بنەمــای ســەروەریی یاســا و پارێزگاریکــردن لــە سیســتەمی گشــتیی و پاراســتنی ســامانی گشــتیی و تایبەتــی..

کومەلــێ وەزارەتــی دیکــە بــە پێــی بەرنامــە و پلانــی هەرکابینەیەکــی حکومــەت ژمارەیــان زیــاد و کــەم دەکات.

## چالاکی ماڵەوە

رۆڵــی حکومــەت لــە پتــەو کردنــی بنەماکانــی پێکــەوە ژیــان لــە هەرێمــی کوردســتان چییــە ؟ بــە ســوود وەرگرتــن لــە ســەرچاوەکانی زانیــاری و بــە هــاوکاری کەســێک لــە ئەندامانــی خێزانەکــەت بــە (شەش)دێرلەســەر ئــەم بابەتــە بنووســە.

## تێبینی دەکەم وبیردەکەمەوە و فێردەبم

به سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە شارەزایی ئەرکی چەند وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبم و بەرزیان دەنرخێنم.

وێنەی فستفالی کولتوری

وێنەی وێستگەی کارەبا

وێنەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم

وێنەی وەزارەتی دارایی لە هەرێمی کوردستان

# یەکەی چوارەم پاراستنی موڵکی گشتیی

## بیرۆکەی سەرەکی

هەمووومان بەرپرسیاریەتیمان هەیە بۆ پاراستنی موڵکی گشتیی هەر لەماڵەوە ئەو بەرپرسیاریەتیە لە ڕێگەی پەروەردە کردنەوە دەست پێدەکات، کە بەرپرسیاریەتی خێزان موڵکی گشتییە بۆ هەموو ئەندامانی خێزان بە هەموو پێداویستیە مادییەکان لەگەڵ پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکانی ناو خێزان بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروست لە ئایندەدا، کە بتوانێت دڵسۆزبێت بۆکارەکەی بەردەوام هەوڵی ئەوە بدات بۆ پێشخستنی تواناکانی لە ڕووی ئەکادیمی و پیشەیی بۆ بەرژەوەندی گشتیی کە بەشێکە لەو بەرپرسیاریەتیە کە لەناخی پەروەردەکراوە، پاراستنی موڵکی گشتیی ئەرکی هەمووومانە لەو شوێنەی لێی دەژین.

## چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- موڵکی گشتی ٢- بەرپرسیاریەتی ٣- بەرژەوەندی ٤- موڵکی تایبەتی

وێنە پارکی شار

## چالاكی ناو پۆل ١

ئـاو و كارەبـا سـامانی گشـتیین چـۆن وابكەیـن پارێـزگاری لـەو سـامان گشـتییە بكەیـن؟ ئـەم بابەتـە گفتوگـۆی لەسـەر بكـەن بـە هـاوكاری مامۆسـتای بابـەت .

## چالاكی ناو پۆل ٢

قوتـابخانـە موڵـكی گشـتییە بـە هەمووومـان دەیپارێزیـن، ئـەم دەسـتەواژەیە لەگـەڵ هاوپۆلـەكانـت گفتوگـۆ بكـە بـە هـاوكاری مامۆسـتای بابەت.

## كارامەیی گەڕان

بـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەكانی زانیـاری و بەهـاوكاری كەسـێک لـە ئەندامانـی خێزانەكـەت نـاوی دوو شـوێنی گەشـتیاری كوردسـتان بنووسـە، دواتـر لەكاتـی گەشـتی خێزانـی چـۆن پارێـزگاری لـە شـوێنە گەشـتیاریەكان بكەیـن؟ بـە خـاڵ بنووسـە.

(وێنەی  شوێنەوارێكی مێژووی)

## زیادکردنی زانیارییەکانم

موڵکـی گشـتیی تەنهـا ئـاو و کارەبـا و پـارک و شـوێنە گشـتییە خزمەتگوزارییەکانـی وەکـو (نەخۆشـخانە، قوتابخانـە، فەرمانگەکانـی میـری نییـە بەتەنهـا) بەڵکـو کولتـور، ئـەدەب، فۆلکلۆر، دابو نەریت، هونـەری ڕەسـەن، شوێنەواری ئایینـی وسروشتی و گەشتوگوزار موڵکی گشـتییە.

لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان وڵاتێکـی دەوڵەمەنـدە بـە سـەرچاوەی سروشـتی هەمووەمـان مافـی ئەوەمـان هەیـە بەیەکسـانی سـوود لـەو سـەرچاوانە وەربگریـن وەکـو موڵکـی گشـتیی سـەیر بکرێت، پاراستنی موڵکی گشتیی دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت هەموومـان پابەندبین بـەو یاساییە و پاراسـتنی موڵکـی گشـتیی پەروەردەییـە و هۆشـیاری گشـتیی و تـاک لـە خـۆ دەگرێت.

## چالاکی ماڵەوە

جیـاوازی لـە نێوان موڵکـی تایبەتـی و موڵکـی گشـتییدا بکـە؟ بەسوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری و بـە هـاوکاری ئەندامانـی خێزانەکـەت جیاوازییـەکان بەخـاڵ بنووسە ؟

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم پاراستنی موڵکی گشتیی ئەرکی هەموومانە.

وێنەی نەخۆشخانە یان
پارک وەکو نیشانەی موڵکی گشتیی

وێنەی قەلای هەولێر

( وێنەی کتێبخانە )

وێنەی وێستگەی راوەستانی پاص

بەشی دووەم | مافەکان

یەکەی


## پۆلێنکردنی مافەکان

١ بنەماکانی مافی مرۆڤ.

٢ قۆناغەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

٣ جۆرەکانی مافی مرۆڤ.

٤ خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ.



ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

**ئامانجی فێربوون :**

- ناسینی بنەماکانی مافەکان.

٢- پابەندبوون بە یاساکانی مافەکانی مرۆڤ.

٣- پۆلێنکردنی مافەکان.

٤- زانینی مافەکان مرۆڤ.

٥- لێکدانەوەی مافەکانی مرۆڤ.

٦- بەراوردکردن لە نێوان مافەکانی دوێنی وئەمرۆ.

٧- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان بۆ چەسپاندنی مافەکان.

٨- نرخاندنی گرنگی مافەکان بۆ بواری خۆشگوزەرانی.

## بیرۆکەی سەرەکی

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی(١٠/١٢/١٩٤٨)دا، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی لە (٣٠) بەندداڕاگەیاند، کە ئەم مافانەی لەخۆگرتبوو: (مافی ژیان، سەربەستی، سەلامەتی کەسێتی، یەکسانی لەبەردەم یاسا، دوورکەوتنەوە لە گرتنی هەڕەمەکیانە، دادگاییکردنی ئاشکرا، ئازادی هاتوچۆکردن، مافی پەنابەردنە بەرهەر وڵاتێک، مافی ڕەگەزنامە، هاوسەرێتی، موڵکداری، مافی ڕادەربڕین، بەشداربوون لەبەڕێوەبردنی وڵات، ئازادی دەنگدانو خۆپاڵاوتن).

ساڵی (١٩٤٩) لەشاری جنێف ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت بە چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی جەنگدا واژوکرا، کە گرنگترین خاڵەکانی بریتیبوون لەپارێزگاریکردنی ( بریندارى شەڕ، دیل، شوێنە پیرۆزەکانو شوێنە مەدەنییەکان) ئەم خاڵانە پاش دەستکاریکردنی ڕێککەوتننامەی (لاهای)ی ساڵی (١٨٩٩)هات، کە بەندە بە پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤ، لەکاتی شەڕو پارێزگاریکردن لە دیلو بریندااران.

لە ساڵی (١٩٥٥- ١٩٦٦)، ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕاو لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلیان لەبارەی مافە مەدەنی، سیاسیی، ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکان کرد، تا لە ١٦/١٢/١٩٦٦دا دوو ڕێکەوتننامەی جیاوازو پرۆتۆکۆلێکی ئارەزوومەندانەیان ڕاگەیاند:

ڕێکەوتننامەی یەکەم: تایبەتە بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان لە (٥٣)بەند پێکهاتووەو، (١٢٤) وڵات واژویان کردووەو پابەندێتی خۆشیان پێوەی ڕاگەیاندووە.

ڕێکەوتنامەی دووەم: تایبەتە بەمافەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی، لە دیباجەیەک و (٣١)بەند پێکهاتووە، باس لە (مافی کارکردنو ئاستی باشی گوزەران، دادپەروەری لەدەستکەوتنی کاردا، مافی خێزان و منداڵ لە ڕووی پاراستن و پەروەردە و فێرکردن....هتد) دەکات.

## چەند وشەیەک بۆفێربوون

١- بنەمای یاسایی ٢- پرۆتۆکۆل ٣- دیباجەی مافەکان ٤- پێشێلکردنی مافەکان

## چالاكی ناو پۆل ١

ئەركی حكومـەت لـە پاراسـتنی مافەكانـی مـرۆڤ چییـە؟ بـە هـاوكاری مامۆسـتای بابـەت ئـەم دەسـتەواژەیە شـرۆڤە بكـەن.

## چالاكی ناو پۆل ٢

جیـاوازی لـە بیروبۆچـوون وباوەڕهێنـان بنەمـای سـەرەكی مافـی مرۆڤـە. ئەمـە شـرۆڤە بكـە بـە هـاوكاری مامۆسـتای بابەت.

## كارامەیی گەڕان

پـاش ئەوگۆڕانكارییـە گەورانـەی لـە بـواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەكانـدا هاتـە كایـەوە نەتـەوە یەكگرتـووەكان توانـی سـەركەوتووانە سەرپەرشـتی هێـزی ئاشـتیپارێز بـكات لـە چەندیـن وڵاتـی جیهانـدا بـە مەبەسـتی نەهێشـتنی جەنـگ و پاراسـتنی خەڵكانـی مەدەنـی لـە دەسـتدرێژیی و پێشـێلكردنی مافەكانیان.بەسـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەكانی زانیـاری و بـە هـاوكاری كەسـێك لـە ئەندامانی خێزانەكـەت باسـی هێـزی ئاشـتیپارێز بكە بـە (شـەش ) دێـڕ.

## زیادبوونی زانیارییەکانم

نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین دەزگای تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەیە، وهەروەها:
کۆمەڵێک لیژنەیان هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی وئامانج لێی :
چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤە ،نەتەوە یەکگرتووەکان بە چەند ئاراستەیەک کاردەکات:
بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و بنەما و ڕاسپاردەکانی مافی مرۆڤ، بۆ نموونە:

- جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨).
- ڕاگەیاندنی مافەکانی منداڵان (١٩٥٩).
- ڕاگەیاندنی سەربەخۆی بە گەلان (١٩٦٠).
- ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی جیاکاری (١٩٦٣).
- ڕاگەیاندنی نەهێشتنی جیاوازیکردن بەرامبەر ژن (١٩٦٧).
- ڕاگەیاندنی لەناوبردنی برسێتی (١٩٧٤).
- ڕاگەیاندنی مافەکانی گەشەپێدان (١٩٨٦).
- ڕاگەیاندنی پاراستنی کەمینەکان (١٩٩٢).

## چالاکی ماڵەوە

چوار لە بەندەکانی مافی مرۆڤ بژمێرە، بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤە لە جیهاندا.

**باڵەخانەی نەتەوەیکگرتووەکان**

**ئارمی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێم**

**نەهێشتنی جیاکاری**

**نەهێشتنی برسیەتی**

# یەکەی دووەم قۆناغەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

## بیرۆکەی سەرەکی

مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی نەریت لە ناو کۆمەڵگەدا هەبووە، ئەویش بەهۆی نەبوونی یاسای نوسراوە. لەبنەڕەتیشدا نەریت لە دوو بنەمای سەرەکی پێکدێت :

یەکەم: بنەمای مادیی، بریتییە لە دووبارە کردنەوەی کردارێک یان ئەنجامنەدانی کردارێک لە بوارێکی دیاریکراودا.

دووەم: بنەمای مەعنەوی، بریتییە لە باوەرهێنان بە کارێک یان ئەنجامنەدانی کارێک کە پابەندبوون پێوەی پێویستە.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا کامیان خاوەن دەسەڵات و هێز بوایە، فەرمانەکانی لای خەڵکەکە جێگای یاسای گرتبووە. ڕوودانی هەر گرفتێک لە کۆمەڵدا بەرەو ڕووی ئەو دەکرایەوە و ئەویش بڕیاری خۆی لەسەر دەدا و ئیتر کەسیش بۆی نەبووە بەرهەڵستی بڕیارەکەی بکات. دواتر ئەو خاوەن دەسەڵاتە لەهۆزو خێڵدا، ناوی سەرۆک هۆزو خێڵی لێنرا. دوای دەرکەوتنی کشتوکاڵ و پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، خۆسەپێنەران بەپێی دابونەریت کۆمەڵەکەیان بەڕێوەدەبرد و زیاتریش بیریان لە بەرژەوەندی خۆیان دەکردەوە نەک لە بەرژەوەندی گشتیی. بەو پێیە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بە ئاشکرا دوو چینی سەرەکی تیایدا سەری هەڵدا، ئەوانیش چینی کۆیلە و خاوەن زەوی بوون، یەکەمیان نزمترین و دووەمیان بەرزترین چین بوون. لە نێوان ئەم دوو چینەشدا چینێکی تر سەری هەڵدا، ئەوانیش بەپێی دوورو نزیکییان لە دەسەڵاتەوە جیاکراونەتەوە، وەک کەسێکی لێهاتوو کە هەڵسوڕێنەری کاریان بووبێ یان لەڕێی ژن و ژنخوازییەوە بایەخیان پێدرابێ. کەواتە قۆناغی دابونەریت قۆناغێکە تیایدا مافەکان لە ڕێگەی دابونەریتەوە پارێزراون و هێشتا یاسای نوسراو لە ئارادا نەبووە، بەڵام ئەمەش وا ناگەیەنێت کە لە دوای هاتنە کایەی یاسا نوسراوەکان دابونەریت بە تەواوی ڕۆڵی نەمابێ، بەڵکو تا ئێستا لە هەندێک جێگا دابونەریت ڕۆڵی خۆی هەیە لەم قۆناغەدا.

## چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- قۆناغی کولتوری ٢- قۆناغی یاسایی ٣- دابونەریت ٤- فەرهەنگ وڕۆشنبیری

## چالاکی ناو پۆل ١

( پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەرکی هەموومانە) ئەم دەستەواژەیە شیبکەنەوە؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناو پۆل ٢

ئایا مرۆڤ هەر لە کۆنەوە یاسای نووسراوی هەبووە؟ ئەم دەستەواژەیە بە هاوکاری مامۆستای بابەت گفتوگۆ بکەن.

## کارامەیی گەران

ئایا دابونەریت توانیوێتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری بەهاوکاری یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت گفتوگۆ بکە لە سەرئەم بابەتە.

**وێنەی ئەرستۆ**

## زیادکردنی زانیارییەکانم

لـە دیرۆکـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و پێکهاتـەی دەوڵـەت، یاسـا لەلایـەن دەوڵەتـەوە دانـراو بـە یاسا نووسـراوەکان ناسـرا. سـەرەتا دانانـی یاسا ڕووکەشـبوو، چونکـە دەسـتکاری دابونەریتـە کۆنــەکان نەدەکـرا تەنیـا دەنووسـرانەوە. ئەمـەش وایکـرد کـە بـە پێـی حوکمـەکان خەڵکەکـە ببەسـتنەوە بـە دابونەریـت . یاسـای حامورابـی لـە بابـل و یاسـاکانی صولـون لـە یۆنـان و یاسـای دوازدە تابلۆکـەی ڕۆمانییـەکان نموونـەی ئـەو جـۆرە یاسـایانەن. حامورابـی کەنزیکـەی دوو هـەزار سـاڵ پێش زایـین پاشـای بابـل بـووە، یاسـاکەی لەسـەر بـەرد نەخشـێنراوە و بـە کۆنترین یاسـا دادەنرێـت. ئـەو یاسـاییە نووسـینەوەی دابونەریتـە باوەکانـی سـەردەمی خـۆی بـووە و بـاس لـە بابەتەکانـی سـزادان، دەسـتکەوتەکانی کاربەدەسـتان، گرێبەسـتی کڕیـن وفرۆشـتن، گواسـتنەوەی کەلوپـەل، قـەرز، دەسـت بـە سـەرداگرتن، بابەتـی کۆیلـەداریو خێزانـی کـردووە. دەرکەوتـن و جێبەجێکردنـی یاسـا هەنگاوێکـی گرنـگ بـوو لـە ڕووی دیاریکـردن و پشـتگیریکردنی مافـی مـرۆڤ، ئەگـەر لـە سەرەتاشـدا بـە شـێوەیەکی سـادە بوبێـت بـەڵام لـە گەشـەکردنێکی بەردەوامـدا بـووە تـا گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی کـە ئێسـتا هەیـە.

## چالاکی ماڵەوە

کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان چـۆن پەیـڕەوی مافـی مرۆڤیـان دەکـرد ؟ بەسـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری وبەهـاوکاری کەسـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت بـە (شـەش) خـاڵ بنووسـە.

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم قۆناغەکانی مافی مرۆڤ چۆن پێشکەوتووە.

وێنەی حامورابی

سوقرات

عصبە الامم

کۆتایی شەری جیهانی دووەم ( رووخانی نازیەت ،بەرلین )

## یەکەی سێیەم جۆرەکانی مافی مرۆڤ

### بیرۆکەی سەرەکی

**جۆرەکانی ماف**

**مافەکانی مرۆڤ پۆلینکردن دەکرێت بۆ سێ جۆر :**

١- مافە مەدەنی و سیاسیەکان(بەنەوەی یەکەمی مافەکانیش ناودەبرێن) و بە ئازادییەکانەوە پەیوەندیدارن و بریتین لەم مافانە: مافی ژیان، ئازادی، ئاسایش، ئەشکەنجەنەدان، ئازادبوون لە کۆیلایەتی، بەشداریی سیاسی، ئازادی بیرورا ورادەربرین، ویژدان، ئایین، ئازادی بەشداربوون لەکۆمەڵەو ڕێکخراوەکان.

٢- مافە ئابوری وکۆمەڵایەتییەکان (بەنەوەی دووەمی مافەکانیش ناودەبرێن)و بە ئاسایشی مرۆڤەوە پەیوەندیدارن و بریتیە لە: مافی کارکردن، خوێندن، ئاستێکی گونجاوی گوزەران، دابینکردنی خۆراک و ماڵ و خزمەتگوزاری تەندروستی.

٣- مافە ژینگەیی ورۆشنبیری وکولتوری ( بە نەوەی سێیەمی مافەکانیش ناودەبرێن) و بریتین لە: مافی ڕۆشنبیری کولتوری وئابوری .کاتێک دەڵێین هەموو کەسێک مافی مرۆییانەی هەیە، هەموو کەسێکیش ئەرک وبەرپرسیاریتی ڕێزگرتنی مافی مرۆییانەی کەسانی دیکەی لە ئەستۆیە.

### چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- کۆیلایەتی ٢- پێشێلکردنی مافەکان ٣- خزمەتگوزاری تەندروستی ٤- مافی کارکردن

## چالاكی ناو پۆل ١

( پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەرکی هەموومانە) ئەم دەستەواژەیە شیبکەوە؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاكی ناو پۆل ٢

جیاوازی چییە لە نێوان مافەکانی (مەدەنی و سیاسی) لەگەڵ مافەکانی (ئابوری و کۆمەڵایەتی)؟
کارکردن بە گروپ بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەڕان

مافی گشتیی تەنها خزمەتگوزاریەکانی وەکو ( بیمەی تەندروستی وبیمەی بێکاری وخوێندنی بە خۆرایی نییە). فێری ئەوە بووم دەبێت لە ڕێگەی پەروەردەوە مافەکان بناسین و پەیڕەویان بکەین. بە شەش دێڕ لەسەر ئەم دەقە بنووسە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## زیادبوونی زانیارییەکانم

مەبەست لە باسکردنی جۆرەکانی مافی مرۆڤ خستنە ڕووی شێوازو جۆریەتی مافەکانە بۆ جێبەجێکردن کە ئەمەش مافە سەرەتاییەکان دەگرێتەوە وەکو: مافی مەدەنی، سیاسی، ئابوری، کولتوری و نەتەوەیی . جۆرەکانی مافی مرۆڤ وەکو تاک و کۆمەڵگە بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئەم جۆرە مافانە لە ژیانی مرۆڤ بوونیان هەیە و بەردەوام پیادە دەکرێت بۆنموونە: لە جۆری مافی سیاسی وەکو تاکێکی کارا ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردن و بەئاگابوون لە گۆڕانکارییەکان و بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی لە ڕێگەی هەڵبژاردن وەکو مافێکی گشتیی کۆمەڵگە، دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەی و لەسەر ئاستی نەتەوایەتیش بزانێت کە هەموو نەتەوە و گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە.

## چالاکی ماڵەوە

جۆرەکانی مافی مرۆڤ مافە سەرەتاییەکان دەگرێتەوە وەکو مافی مەدەنی، سیاسی وئابوری.
بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بەهاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت چەند مافێکی تری سەرەتایی بە خاڵ بنووسە.

وێنەی کۆمەڵەکەسێکی فرە ڕەنگ جیاواز

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم کە مافەکان هەمەجۆرن دەبێت هەموویان بناسین.

گۆرانی گوتن بە جل بەرگی نەتەوەیی

سەربەخۆیی گەلان

مافی خوێندن

مافی تەندروستی

## بیرۆکەی سەرەکی

خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ واتە مافەکانی مرۆڤ نە دەکردرێن، نە بەدەست دەهێنرێن و نە بە میراتیش بۆ کەس دەمێننەوە، ئەو مافانە موڵکی هەموو خەڵکن، کەواتە مافەکانی مرۆڤ لەناخی هەر تاکێکدا ڕەسەن و ڕەگ داکوتاون سەرەڕای جیاوازی ڕەگەز، ئایین و بیروڕای سیاسی یان هەر بیروڕایەکی دیکە، یان شوناسی نیشتیمانی و پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان، مافەکانی مرۆڤ بۆ هەمووانە ئێمە هەموومان بە ئازادی لەدایکبووین. واتە مافەکانی مرۆڤ جیهانین مافەکانی مرۆڤ زەوت ناکرێت و کەسیش مافی ئەوەی نییە کەسێکی دیکە لە مافەکانی مرۆڤ بێبەش بکات، تەنانەت ئەگەر یاساکانی وڵاتەکەشی دانی بەو مافانە نە نابێت، یان کە ئەو یاسایانە مافەکانی پێشێل بکەن، بەو پێیە مافەکانی مرۆڤ چەسپاون و دەستکاری ناکرێن بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی بە شکۆمەندی بژین، مافی خۆیانە ئازاد بن و ئاسایشیان پارێزراو بێت و ئاستێکی گونجاوی گوزەرانیان هەبێت، بەو مانایە کە مافەکانی مرۆڤ بەش بەش ناکرێن .

## چەند وشەیەک بۆفێربوون

١- شوناسی نیشتیمانی ٢- شکۆمەندی مرۆڤ ٣- مافە ڕەسەنەکان ٤- ڕەگەز

**کارکردن بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەرکی هەموومانە**

## چالاکی ناو پۆل ١

(خوێندن مافی هەموو کەسێکە) ئەم مافە وەکو مافێکی جیهانیی سەیر دەکرێت.ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ بکەن بەهاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناو پۆل ٢

جیاوازی ئایین و ڕەگەز دەبێتە خەسڵەتی مافەکانی مرۆڤ؟ ئەم بابەتە شرۆڤە بکەن کارکردن بە گروپ بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەڕان

لە ڕابردوودا زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ کراوە. بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت چەند نموونەیەک بە خاڵ بژمێرە لەسەر خەسڵەتەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر پێشێلکارییەکان.

## زیادکردنی زانیاریەکانم

خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ ئامانج لێی ڕاهێنانی مرۆڤە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو کارکردن وەک پارێزەری مافەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر پێشێلکارییەکان وشکاندنی بێدەنگی وبۆپاراستنی مافەکانی خۆی و مرۆڤەکانی دیکە تاوەکو لە لایەن دەسەڵات نەبێتە پێشێلکار، وبەرجەستەکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی دەبێتە هۆی پێشکەوتن، خۆشگوزەرانی، ئارامی سیاسی، گەشەی ئابوری، کۆمەڵایەتی وکاریگەری مافەکانی مرۆڤە لەسەر هاوکێشەو بەرژەوەندییە سیاسیەکان. لە ئەمرۆدا کاریگەری هەیە لەسەر وڵاتان کەسیاسەتیان دادەرێژن و دواتر هەڵسوکەوت دەکەن بەوەی ئەگەر پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بکەن ،بەرپرسیاریەتی و سزای نێو دەوڵەتی دەکەویتە ئەستۆیان و تەنانەت لە ئەمرۆدا وڵاتان بە هەڵسوکەوتیان لە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی نێودەولەتی هەڵدەسەنگێندرێت ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە بزانێت شێوازو خەسڵەتەکانی مافی مرۆڤ کاریگەری لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەی دەبێت .

## چالاکی ماڵەوە

مافەکانی مرۆڤ زەوت ناکرێت کەسیش مافی ئەوەی نییە کەسێکی دیکە لە مافەکانی بێبەش بکات. بە شەش دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

**مافەکان بۆ هەموو کەسێک یەکسانە دەبێت هەموومان سوودمەندبین لێی**

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم خەسڵەتی مافی مرۆڤ ئەرکی پاراستنی مافەکانە.

**دیل و بریندارى شەر**

**بەنابەر**

**کەمپی ئاوارە**

**شوناسی نیشتیمانی(منداڵێک سەیری نەخشەی کوردستان دەکات)**

# بەشی سێیەم / کارامەییەکان

## یەکەی

### کارامەیی ئەقلی

١. هونەری بیرکردنەوە
٢. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە
٣. بیرکردنەوەی داهێنەرانە
٤. بیرکردنەوەی ئەرێنی



**ماوەی جێبەجێکردن**

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

**ئامانجی فێربوون :**

١- ناسینی بنەماکانی هونەری بیرکردنەوە.

٢- فێربوونی کارامەییەکانی هونەری بیرکردنەوە لەبواری کاردا.

٣- جێبەجێکردنی کارامەی بیری ڕەخنەگرانە لە ژیانی ڕۆژانەدا.

٤- پۆلێنکردنی کارامەییەکانی بیری ڕخنەگرانە.

٥- لێکدانەوەی کارامەییەکانی داهێنەرانە.

٦- بەراوردکردن لە نێوان جۆرەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

٧- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی کارامەییەکان لە دروست بوونی بیری ئەرێنی.

٨- نرخاندنی گرنگی بیرکردنەوەی ئەرێنی لە کاری ڕۆژانەدا.

## بیرۆکەی سەرەکی

تیورەکانی دەروونزانی ئاماژە بەوە دەکەن مرۆڤەکان زۆربەیان لە پێکهاتەی مێشک وەکو یەک وان بەڵام ژینگەی تایبەتی ودەرفەتی فێربوون وهاندانی دەوروبەر و پەروەردەی دروست لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆرێت بەپێی ئامادەیی دەروونی وخودی کەسەکە، ئەم ئامادەییە ( بنیامین بلوم) ناوی ناوە ئاستەکانی گەشەی کۆزانیاری لای تاک کە هونەری بیرکردنەوە ئاستێکی باڵای وەرگرتووە، بۆ تێگەیشتن لە گۆڕاوەکان وشیکردنەوەی بەرێگەی زانستی واتە هەموو گۆڕاوەکان لە دەوروبەری تاک دەبێت بەشێوەیەکی زانستی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت ئەمەیە هونەری بیرکردنەوە. واتە گەیشتن بە زۆرترین زانیاری لە کەمترین کاتدا و پرۆسەیەکی هۆشیاری بەردەوامە کە بەشێکی سەرەکیە لە سیستەمی نوێی فێربوون و بە چالاکترین جۆری کارامەییەکانی ژیان دادەنرێت .

## چەند وشەیەک بۆفێربوون

١- کارامەیی ٢- بنیامین بلوم ٣- شایستەبوون ٤- ژیانێکی تەندروست

وینەی ژیانێکی
تەندروست( خێزانێک زۆر
بەختەوەرن )

## چالاکی ناو پۆل ١

کارامەیــی هونــەری بیرکردنــەوە چییــە؟ گفتوگــۆ لەســەر ئــەم بابەتــە بکــەن بــە هــاوکاری مامۆســتای بابــەت.

## چالاکی ناو پۆل ٢

بــە هــاوکاری مامۆســتای بابــەت قوتابیــان دابــەش دەکریـّـن بەســەر دوو گــروپ بــۆ گفتوگۆکــردن لەســەر:

١- بنەماکانی هونەری بیرکردنەوە .

٢- هونەری بیرکردنەوە ڕۆڵی چییە لە پێشخستنی پرۆسەی فێرکردن ؟

## کارامەیی گەران

متمانــە بەخۆبــوون پرۆســەیەکە لــە ئەنجامــی هونــەری بیرکردنــەوە دروســت دەبێــت لــە چوارچێــوەی کارامەییەکانــی ئەقلــی کــە پرۆســەیەکی بەردەوامــە بــۆ ڕاهێنــان لەســەر فێربــوون. شــرۆڤەی ئەمــە بابەتــە بکــە بــە شــەش دێــڕ ، بــە ســوود وەرگرتــن لــە ســەرچاوەکانی زانیــاری و بــە هــاوکاری کەســێک لــە ئەندامانــی خێزانەکــەت.

**من بەشێکم لە چارەسەری نەک بەشێک لە کێشە**

## زیادبوونی زانیارییەکانم

**بنەماکانی هونەری بیرکردنەوە بریتییە لە پرۆسەی :**

- مامەڵەی ئەرێنی، بابەتیبوون وگیانی هاوکاری.
- نەرمی و ڕاستگۆیی وهاوسۆزی.
- پەیوەندیی کارا وگوێگرتن لەوانی دیکە.
- بەشداریکردن لەچارەسەرکردنی کێشەکان.
- ڕێزگرتن لە بۆچوونەکانی ئەوانی دیکە.
- بوونی کارامەیی بڕیاردان.
- هاندان و دەستخۆشیکردن بۆ ئەندامانی گروپ.
- شەرم نەکردن و نەترسان لەدەربڕینی بۆچوونەکان.
- پێشنیازکردن و داوای هاوکاری لەکاتی پێویستدا.
- زانینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کەسێتی.
- بڕوا بەخۆبوون ومتمانەو باوەڕکردن بەکەسی بەرامبەر.
- دەستکەوتەکانی تیم بابەتیانە هەڵدەسەنگێنین.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و هاوکاری لەکاتی پێویستدا.
- بیرکردنەوەمان بە ڕوونی و لۆژیکی ئاراستە دەکەین.
- گۆڕان و داهێنان قبووڵ دەکەین وهاندەرو پاڵنەر دەبین.
- دووردەکەوینەوە لەجیاکاری و یەکلاکار دەبین.

## چالاکی ماڵەوە

چۆن هاوسۆزی خۆت بۆ هاوڕێییەکەت دەردەبڕیت؟ ئەم بابەتە شرۆڤە بکە بە شەش دێڕ، بە بەکارهێنانی هونەری بیرکردنەوە، بەبە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بەهاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

**هەمووومان ڕێگەیەکی جیاوازمان هەیە بۆ فێربوون ئەمە هونەری بیرکردنەوە**

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم هونەری بیرکردنەوە کرانەوەی مێشکە.

کەسێک وێنەدەکێشێ( تابلۆ)

مندلیک لەگەڵ تابلێت

رامانکردن ( تأمل)

کەسێک هاوسۆزی (تعاطف ) بۆ بەرامبەری دەردەبڕێت

## بیرۆکەی سەرەکی

**مەبەستمان لەبیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە چییە؟**

«بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پرۆسەیەکی فکریی ڕێکخراوە بریتیە لە: چەمکەکان جێبەجێدەکەین، شیدەکرێنەوە، پێکهێنیان بەشێوازێکی کاراو ڕێکوپێک، هەڵسەنگاندنی زانیارییە کۆکراوەکان لەڕێگەی تێبینی، شارەزایی، بیرکردنەوە، هەڵێنجان، پەیوەندیکردن بەئامانجی باوەڕبوون ورەفتارنواندن».

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، بیرکردنەوەی لۆژیکی، وهۆکارهێنانەوە دەگرێتەخۆ، هەروەها کارامەییی عەقڵی تێدایە وەک کارامەییی بەراوردکردن، پۆلێنکردن، دۆزینەوەی هۆکارەکان، پلان وگریمانەدانان، نموونەهێنانەوە، پێشبینی، لێکچوون، هۆنینەوە، لەچوارچێوەدانان ورەخنەگرتن». بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یارمەتی قوتابیان دەدات لەشیکردنەوەی زانیاریەکانی بەردەستیان بۆ پشتیوانیکردنی ژیانیان. یارمەتیان دەدات لەتێگەیشتنی ڕەفتارەکانیان و دەستنیشانکردنی ئەوانەی لەگەڵ هیواو ئامانج و بەهاکانیاندا دەگونجێت. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یارمەتیان دەدات بەوەی چارەسەرو بژاردەی دیکەی نوێ بدۆزنەوە، لێرەدا ڕۆڵی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەوەیە ئەو بژاردانە شیبکاتەوەو دیاریان دەکات و کامەیان باشترە بۆ مامەڵەکردن دەستنیشان بکات، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کارامەییەکە هەموو کەسێک دەتوانێت فێری بێت بژاردەو ئارەزوو بارودۆخ و هەڵویستی ئەرێنی وزانیاری پێویستی هەبوو لەسەر بابەتەکە هەروەها جێبەجێشی کرد ئەوا بیری ڕەخنەگرانەیە.

## چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- ڕەخنەگرتن ٢- پرۆسەی فێربوون ٣- هەڵسەنگاندن ٤- بەراوردکردن

**دۆستی ڕەخنەگر بەمانای پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە**

## چالاکی ناوپۆل ١

شیکردنەوەیەک بۆ وشەی ڕەخنەگرتن بکەن؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناوپۆل ٢

ئەرکی بیری ڕەخنەگرانە کرانەوەی مێشکە بۆ زانیارییەکان. ئەم دەستەواژەیە شرۆڤە بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەڕان

هەندێکجار پەیامەکە وەردەگرین و بەبیرکردنەوە شوێنی دەکەوین. هەندێکی دیکە دەوەستن و هەوڵدەدەن نێوان دێڕەکانی پەیامەکە بخوێننەوەو لەخۆیان دەپرسین: مانای ئەم پەیامە چییە؟ ئامانجی چییە؟ چ شێوازێکی ڕازیکردن بەکارهاتووە؟ ئایا ئەم پەیامە چ بەهایەک بڵاودەکاتەوە؟ دۆستی ڕەخنەگرکێیە؟ ئەم بابەتە گفتوگۆ بکە بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوەکانی زانیاری ولەگەڵ کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## زیادکردنی زانیارییەکانم

**هەنگاوەکانی بیری ڕەخنەگرانە**

- بەڕوونی پرس و پرسیاری زیندوو دەخەینە ڕوو.
- پرسیار دەکەین سەبارەت بەبابەتی نادیار.
- بەکراوەیی بیردەکەینەوەو باوەڕمان بەوە هەیە هەمیشە چەند بژاردەیەک و چەند چارەسەرێک هەیە بۆ هۆکارەکان.
- لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە زانیاری کۆدەکەینەوە، هەڵیاندەسەنگێنین و هەوڵدەدەین شیانبکەینەوە و چارەسەرەکان بدۆزینەوە و لە ئەنجامەکان بکۆڵینەوە بەمەرجێک لەگەڵ پێوەری تایبەتدا بگونجێن.
- لە هەندێ کاتدا پەیوەندیی کارا دەکەین بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ گرفتە ئاڵۆزەکانمان بدۆزینەوە.
- گفتوگۆی بێ ئەنجام ناکەین لەبابەتێک لێی نەزانین و هەوڵدەدەین بابەتەکە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بناسین بە مەبەستی ئەوەی بتوانین پرسیاری گونجاو بکەین و بڕیارەکانمان بابەتی بن.
- جیاوازی دەکەین لە نێوان بۆچوونی تایبەت و ڕاستیەکان، چونکە بۆچوون شتێکی کەسیە و پەیوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە هەیە وەکو شارەزایی و بەرژەوەندی و تەمەن...هتد هەرچی ڕاستیەکانە ئەوا بابەتن ڕوویانداوە یان ڕوو دەدەن و بە دراسەت و ئامار و تێبینی تۆمارکراون.

## چالاکی ماڵەوە

چەند جۆرێک لە بیری ڕەخنەگرانە بنووسە، بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## تێبینی دەكەم و بیردەكەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەكەم بە بیری ڕەخنەگرانە پێشدەكەوین.

دووكەس بەیەكەوە گفتوگۆ دەكەن

كۆبوونەوە

كاركردن بەگروپ

وێنەی مێشك و گڵۆپ

## یەكەی سێیەم بیركردنەوەی داهێنەرانە

### بیرۆكەی سەرەكی

«چۆن دەتوانم شێوازی خوێندنم چاكتر بكەم؟»، «بۆچی لە قوتابیان داوا نەكەم هاورێكانیان فێر بكەن؟ «زۆر كەس پاش نانخواردن تەماشای تەلەڤزیۆن دەكەن بۆچی شاشەی گەورە لەچێشتخانەكە دانەنێم؟» بۆچی یادوەریەكانی منداڵیم نەكەمە چیرۆكی منداڵانە . چۆن دەتوانم بە شداری بكەم لە پێشخستنی قوتابخانەكەم « ئەمانە لەبیرۆكەی داهێنەرانەیە. ئایا گوێبیستی ئەم رستەیە بووین «لەدەرەوەی چوارچێوە بیربكەنەوە«؟ بەكورتی ئەمە بیركردنەوەی داهێنەرانەیە.

بیركردنەوەی داهێنەرانە دروستكرنی شتی تازەو یان داهێنراو دەگرێتەوە. چەند كارامەییەك بەخۆوە دەگرێت، نەرمی داهێنان، خێرایی، فراوانبوونەوە، بیركردنەوەی خێرای لێهاتوو، هەمووارکردن، بەستنەوەی بیرۆكەكان بەیەكتری، بیركردنەوەی گریمانەیی. ئامانجی بیركردنەوەی داهێنەرانە ئەوەیە گومان دروست بكات و پەرە بەجیاوازی بدات. كارامەیی بریاردان و چارەسەركردنی گرفتەكان پشت بە دووكارامەیی دەبەستێت: بیركردنەوەی داهێنەرانەو بیركردنەوەی رەخنەگرانە، ئەوەی یەكەم هاوكارمانە بەوەی بژاردەو چارەسەرو ئەنجامەنیان بدۆزینەوە، هەرچی ئەوەی دووەمە هاوكارمانە بەوەی دەستنیشانی گونجاوترین و كاراترین بژاردەی چارەسەركردن هەڵبژێرین. داهێنان كارامەییەكە لەناخی هەمووماندا هەیە بەپلەی جیاواز و دەتوانین پەرەی پێبدەین، داهێنان هەڵوێست و بارودۆخ و پرۆسەیە.

### چەند وشەیەک بۆفێربوون

١- بیری داهێنەرانە ٢- هەڵوێست ٣- بیركردنەوەی گریمانەیی ٤- بارودۆخ

## چالاکی ناو پۆل ١

توێژینـەوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کە هەمـوو تاکێـک دەتوانێت بیـری داهێنەرانـە بەکاربهێنێـن بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـی دۆزینـەوەی چارەسـەری کێشـەکان بەهـۆی بڕیـاردان، دەبێـت لـەوە تێبگەیـن کـە بیـری داهێنەرانـە پڕۆسـەیەکی هزریـە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکـە پێوەرەکانـی دەگۆڕێـت بەپێـی ژینگـەو ئامادەیـی خـودی تـاک. ئـەم بابەتـە گفتوگۆ بکـەن بـە هـاوکاری مامۆسـتای بابـەت.

## چالاکی ناو پۆل ٢

مامۆسـتای بابـەت بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر ئـەم دووبابەتـەی خـوارەوە قوتابیـان بـۆ دوو گـروپ دابـەش دەکات:

١- گروپی یەکەم: باسی بنەماکانی بیری داهێنەرانە بکەن .

٢- گروپی دووەم: بیری داهێنەرانە چۆن دەبێتە هۆی پێشخستنی  پرۆسەی فێربوون؟

## کارامەیی گەڕان

بـە (شـەش) دێـڕ بیرۆکەیەکـی داهێنەرانـە لـە سـەر کەمکردنـەوەی بەکارهێنانـی یارییـە ئەلیکترۆنیـەکان لـە لایـەن منـدالان  بنووسـە بەهـاوکاری کەسـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت بەسـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری.

**هەوڵدەدەین بەدیدێکی نوێی ئامانجدار لەبابەتەکان بڕوانین**

## زیادکردنی زانیاریەکانم

**چەند ڕێگەیەک بۆ ئەنجامدانی بیری داهێنراو:**

١- بیرۆکەیەک وەردەگرین و پەرەی پێدەدەین و دەستکاری دەکەین وچاکی دەکەین و بۆ ئەوەی بۆ پێداویستی بابەتەکە گونجاوتربێت. بۆ نموونە، پێشکەوتنی شێوەو کارکردنی ئوتومبێل یان پێشکەوتنی شێوەکانی مۆبایل.

٢- دووبیرۆکە یان پتر تێکەڵاو دەکەین بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی نوێمان دەستکەوێت: بۆ نموونە تۆماری دەنگ و کتێب تێکەڵاو بکەین بیرۆکەیەکی نوێمان بۆ دەستدەکەوێت: کتێبێکی تۆمارکراو دەکرێ لەکاتی سەفەردا یان ئوتومبێل لێخورین گوێمان لێبێت،یان نابینایان دەتوانن سودی لێ وەرگرن تەنانەت هاوکاری فێربوونی خوێندەوارنیش دەکات، بۆیە هەردوو کتێب وتۆمارەکەمان دەبێت لا بێت.

٣- بیرۆکەیەکی نوێ دادەهێنین تەواوجیاوازبێت، بۆنموونە، بۆچی ڕاهێنانی ڕاستەوخۆ نەگۆڕین بەڕاهێنانی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی تۆمارکردن یان لە ڕێگەی سکایب وشێوازە نوێیەکانی ئاڵوگۆڕی سەردەم.

٤- بیر لە چارەسەری دیکە دەکەینەوە لەبری ئەوەی چاومان تەنیا لەسەر یەک چارەسەر بێت، بۆ نموونە شارەوانی گرفتێکی هەیە: پارچە زەویەکی چۆڵ هەیە خەڵکی گەڕەک شتی زیادەو زبڵیان لەوێ فڕێ دەدەن. شارەوانی هەوڵی چارەسەریدا بە نووسینی ئامۆژگاریەک شت فڕێدان قەدەغەیە، ئەم چارەسەریە کاریگەری لە سەریان نەبوو و گرفتەکە بەردەوام بوو ئەمجارە شارەوانی دیوارێکی لەچواردەوری زەویەکە دروست کرد، ڕەفتارەکە هەر بەردەوام بوو خەڵکی لەسەر دیوارەکە شتیان فڕێ دەدا، لەکۆتاییدا شارەوانی شوێنەکەی خاوێن کردەوەو کردی بە باخچە بۆ ئەوەی خەڵک و منداڵەکانیان کاتەکانیان لەوێ بەسەر بەرن. لە ڕێگەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە گرفتەکە چارەسەرکرا.

## چالاکی ماڵەوە:

لە گەڕەکەکەمان منداڵان لەسەرشەقام یاری دەکەن بیرۆکەیەکی داهێنەرانە دەکەین لەگەڵ شارەوانی شوێنک دیاریی بکەین بۆ یاریکردنی منداڵان پلانی کاری ئەم بیرۆکەیە بنووسە چییت پێویستە؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم کێشەکانمان چارەسەردەکەین لە ڕێگەی بیری داهێنەرانە.

( وێنەی پۆلێک قوتابی لای تانکی ئاو گفتو گۆ دەکەن)

( وێنەی بنایەی شارەوانی کە مندالان لەوێ ڕاوەستاون)

(وێنەی باخچەیەکی گشتیی تێکدراو )

وێنەی زبلدان لە شوێنی بەتاڵ

## بیرۆکەی سەرەکی

کاتێک ئەرێنی بیردەکەینەوە کارامەیەکانی ڕووبەڕووبونەوەی ژیان و شڵەژان و بەڕێوەبردنی دڵەراوکێ وچەپاندن، بەرزدەبێتەوە. ئەنجامەکەی ئەوەیە هەست بەباشی دەکەین وباشتر خۆدەنرخێنین. تێڕوانینمان بۆ ئەزموونەکە گرنگترە لەخودی ئەزموونەکە. بۆنموونە، تێڕوانینی ئەرێنی وامان لێدەکات «نیوەی پڕی پەرداخەکە ببینین نەک نیوە بەتاڵەکەی» ئەمەش ئەرێنی کاردەکاتە سەرهەستەکانمان وداتر لەسەر ژیانمان.

هەستەکانمان لەژێر کاریگەریی بیرکردنەوەماندان بەهەست و نەستەوە، کاتێک نەرێنی بیر بکەینەوە هەست بە نیگەرانی دەکەین شڵەژانمان لەسەر بەرزدەبێتەوە. بیرۆکەی نەرێنی لەوانەیە ڕێگەی نووستن و چێژوەرگرتن لەژیانمان نەداتێ. کاریگەری خراپی لەسەر خوێندن وکارمان دەبێت، لەئەنجامدا هەستی نەرێنی بەرهەم دەهێنێت و بڕاردەی ئەوەی هەیە ببێت بەدڵەراوکێ یان خەمۆکی. سوودەکانی بیرکردنەوەی ئەرینی وەکو (فشاری کەمتر، کەمترین تێکرای ڕێژەی خەمۆکی، باشترین بەڕێوەبردن بۆ فشارەکان کەمترین مەترسی بۆ توشبوون بە نەخۆشی دڵ ، دەروونددروستی، بەرگری زۆرتر بۆ پەرتبوون).

## چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- ئەرێنی    ٢- نەرێنی    ٣- توانای خودی    ٤- ئامانجی کۆتایی

**بیرکردنەوەی ئەرێنی ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی تەندروست بین ئەویش لەڕێگەی گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەمان لەنەرێنی یەوە بیکەین بەئەرێنی**

## چالاكی ناو پۆل ١

بیركردنەوەی ئەرێنی چ كاتێك پێویستە؟ هەروەها بیركردنەوەی ئەرێنی چ پەیوەندیەكی هەیە لەگەڵ سەركەوتن لە قوتابخانە؟ ئەم بابەتە گفتوگۆ بكەن بە هاوكاری مامۆستای بابەت.

## چالاكی ناو پۆل ٢

بیركردنەوەی ئەرێنی چ كاتێك پێویستە؟ هەروەها بیركردنەوەی ئەرێنی چ پەیوەندیەكی هەیە لەگەڵ سەركەوتن لە قوتابخانە؟ ئەم بابەتە گفتوگۆ بكەن بە هاوكاری مامۆستای بابەت.

## كارامەیی گەڕان

دەتوانین شێوازی بیركردنەوەی نەرێنیمان بگۆڕین بەچەند هەنگاوێكی ئاسان، لەوانەیە هەندێك كاتی پێویست بێت تا هەنگاوەكان دووبارە دەكەینەوە و تا ئەو ڕادەیەی ئاسایی دەبێت لەبیركردنەوەمان . بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەكانی زانیاری لەگەڵ كەسێك لە ئەندامانی خێزانەكەت ، هەنگاوەكان بە خاڵ بنووسە.

**بۆ كەمكردنەوەی فشار لەسەرمان هەنگاوەكانی بیركردنەوەی ئەرێنی پەیڕەو دەكەم**

## زیادکردنی زانیارییەکانم

– هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی ئەرێنی چین؟

بۆ ئەوەی بتوانین ئەرێنی بیربکەینەوە دەبێ ئەم هەنگاوانە بکەین:

١– بیرۆکە نەرێنیەکە یان ناعەقلانیەکان دەستنیشان دەکەین .

- لەشوێنێکی هێمن دادەنیشن یان پاڵ دەکەوین.
- بیرۆکە خرپەکانمان لە لیستێکدا دەنووسینەوەو لەخراپترینیانەوە دەستپێ دەکەین.
- ئەو بیرۆکەیەی کەمترین خراپی هەیە هەڵدەبژێرین.

٢– واز لەبیرکردنەوەی خراپ دەهێنین.

- بیر لەبیرۆکە خراپەکە دەکەینەوە/ بۆ نموونە/ ناتوانم تاقیکردنەوەی بیرکاری تەواو بکەم، یان پرۆژەکەم گرفتێکی تێ دەکەوێت و تەواو نابێت.
- ئەم هەنگاوە چەند جارێک دووبارە دەکەینەوەو هەرجارێک دەنگمان نزم دەکەین تاکو وەک چرپەی لێدێت، پاشان بە راهێنان و تێپەربوونی کاتدا پێویستمان بەدەنگەکە نابێت کەگوێمان لێیەتی.
- کاتێک لەهەنگاوەکان بووینەوە بیر لەوە دەکەینەوە ئێمە لەشوێنێکی زۆر خۆش و ئارام یان لەگەڵ هاورێیەک بە ئاسوودەیی دانیشتوین.
- دووبارە کردنەوەی کردارەکان لەگەڵ بیرە نەرێنیەکان، تا وازدەهێنن .
- بژاردە، هەر نەمانتوانی بیرۆکە خراپەکان لابەرین، پەنا بۆ کەسانی پسپۆڕ دەبەین.

٣– بیرۆکە خراپەکان بەبیرۆکەی ئەرێنی دەگۆڕینەوە لەسەر هەمان بابەت، بۆ نموونە:

- بیر لەهەموو شتە باشەکان دەکەینەوە کەبەڕێوەبەر یان مامۆستا یان هەرکەسێک گوتوویەتی لەبری ئەوەی تەنیا یەک شتی خراپی گوتووە، و تەنیا ئەوە ببینم.
- «خۆمان دەدوێنین»توانیم ئەم شتانە بکەم، جارێکی دیکە شتی دیکەی باشتر دەکەم.
- پێشبینیەکانمان واقیعی تر دەکەین. واز لەخراپ شیکردنەوەو قەبەکردنی بابەتەکان دەهێنین.

## چالاکی ماڵەوە

بەچەند خاڵێک بەراورد لە نێوان بیرکردنەوەی ئەرێنی و نەرێنی بکە. بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری وبە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم بە بیرکردنەوەی ئەرێنی ژیانم باشتردەکەم

وێنەی کاری هەرەوەزی

وێنەی منداڵ و میکانۆ

گەشبینی

وقسەکردن بۆ گروپ

## بەشی چوارەم / بەهاکان

## یەکەی

# دادپەروەری

1. گرنگی دادپەروەری
2. جۆرەکانی دادپەروەری
3. دادپەروەری لە بڕیاردان
4. دادپەروەری کۆمەڵایەتی



ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

**ئامانجی فێربوون :**

١- ناسینی بنەماکانی دادپەروەری.

٢- پابەندبوون بە یاساکانی دادپەروەری.

٣- پۆلێنکردنی جۆرەکانی دادپەروەری.

٤- شرۆڤەکردنی پەیوەندی دادپەروەری بە کۆمەڵگە.

٥- زانینی یاساکانی دادپەروەری.

٦- بەراوردکردن لە نێوان جۆرەکانی دادپەروەری.

٧- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی کۆمەڵگە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری.

٨- نرخاندنی گرنگی دادپەروەری بۆ بواری خۆشگوزەرانی.

## یەکەی یەکەم — گرنگی دادپەروەری

### بیرۆکەی سەرەکی

لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ئـەوەی کـە زیاتـر لـە هەمـوو بابەتێـک هـزری فەیلەسـووف، بیرمەنـدان و تەنانـەت خەڵکـی ئاسـایی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە، چەمکـی «دادپـەروەری» بـووە. بـە درێژایـی قۆناغەکانـی مێـژوو و ئاسـتی تێگەیشـتن و بارودۆخـی کۆمەڵگـەکان پێناسـەی جۆراوجـۆر و تەنانـەت جیاوازیـش بۆچەمـک و بابـەت و ناوەڕۆکەکـەی کـراوە. ئـەم مشـتومڕە تاکـو ئێسـتاکەش هـەر بەردەوامـە.و بیرمەندانیـش هەوڵیانـداوە بەپێـی بنەمـا و بنچینەیـەک دادپـەروەری پێناسـە بکـەن. بـەڵام لـە ئێسـتادا ئـەوەی چەمکـی دادپـەروەری لـەڕووی تیـۆری وکـرداری لێـک جیادەکاتـەوە ئەوەیـە کـە هەوڵـی ئـەوە دراوە بنەمایەکـی پتـەو بدۆزینـەوە کـە ئـەم چەمکـە گرێـدراوی هیـچ چەمکێکـی مێتافیزیکـی «ئـاکاری و فەلسـەفی و ئایینـی» نەبێـت، بـۆ ئـەوەی جێگـەی ڕەزامەنـدی هەمـوو مرۆڤـەکان بێـت، سـەرەڕای جیاوازییەکانیـان لـە ڕووی (پێگـە، ئاییـن، نەتـەوە ورەگـەز و...هتـد). گرنگـی لەوەدایـە کـە نابێـت لـە جیهانـی هـزر و تیۆریـدا قەتیـس بمێنێتـەوە، بەڵکـو دەبێـت لەسـەر ئـەم جیهانـە و لـە واقعـدا، سیسـتەمێکی سیاسـی- کۆمەڵایەتـی بونیـاد بنرێـت، کـە لەسـەر بنەمـای ئـەم دادپەروەرییـە واقیعـەی کـە داخـوازی تـەواوی مرۆڤایەتـی بێـت بـۆ هێنانـە کایـەی خۆشـگوزەرانی بۆهەمـووان هەمـوو کـەس بـە بـێ جیـاوازی لەبـەردەم یاسـا وەکـو یـەک مامەلەیـان لەگەڵـدا بکرێـت.

### چەند وشەیەک بۆفێربوون

١- دادپەروەری ٢- سیستەمی کۆمەڵایەتی ٣- ڕژێم ٤- دیکتاتۆر

## چالاکی ناوپۆل ١

باسی گرنگی دادپەروەری بکه ن، بەهاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناوپۆل ٢

دادپەروەری چەند گرنگە بۆ پەیڕەوکردنی مافی مرۆڤ؟ ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەڕان

پاش ئەوگۆڕانکارییە گەورانەی کە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتە کایەوە نەتەوە یەکگرتووەکان توانی سەرکەوتووانە بانگێشەی دادپەروەری بکات لە سەرتاسەری جیهان، ئەمەش لەو کاتە دەستی پێکرد کە لە زۆرشوێنی ئەم جیهانە پێشێلکردنی ترسناکی مافەکانی مرۆڤ هەبووە لە ئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئەم ڕژێمانە بە نادیموکراسی نادادپەروەری فەرمانڕەوایان دەکرد. بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، بەشەش دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## زیادبوونی زانیارییەکانم

دادپەروەری یاسایەکی سروشتییە دەبێت هەموو مرۆڤەکان لێی سوودمەندبن دەبێت هۆشیاری دادپەروەریم هەبێت لەپێناو پێکەوەژیان ولێبووردەیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی. پڕۆگرامی دادپەروەری بەمانای خوێندنەوە نیە بەڵکو کاری ڕۆژانەیە بۆیە سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی جیهان لەسەر بنەمای یاسا و دەستوور داڕێژراوە هەر پێشێلکاریەک کە ئەنجام دەدرێت ئەوا ڕژێمە دیکتاتۆریەکان یان نادیموکراسیەکان ئەم پێشێلکاریە دەکەن ئەو کاتە چەمکی دادپەروەری دەکەوێتە ژێر مەترسیەوە، بۆیە دادپەروەری پرسێکی جیهانییە هەموومان بەرامبەر دادپەروەری بەرپرسیارین. ئامانجی سەرەکی و کۆتایی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەرکردن و دابینکردنی دادپەروەرییە، دادپەروەری لە سەرووی زۆربەی بەهاکانەوەیە، وەکو خۆشبەختی و تەنانەت ئازادی و یەکسانیش.

## چالاکی ماڵەوە

دادپەروەری پرسێکی جیهانییە، چ کاتێک دادپەروەری دەکەوێتە ژێرمەترسیەوە؟ بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بە(شەش) دێڕ مەترسیەکان بنووسە.

وێنەی تەرازووی دادوەری

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم گرنگی دادپەروەری بۆ چەسپاندنی مافەکان پێویستە.

وێنەی چەکوشی دادوەر

ئافرەتێک تەرازووی دادپەروەری پێیە

وێنەی کەسێک لە دادگا راوەستاوە

وێنەی جێندەری

## یەکەی دووەم جۆرەکانی دادپەروەری

### بیرۆکەی سەرەکی

دادپـەروەری چەنـد جۆرێکـی هەیـە هـەر جـۆرە و پێناسـەیەکی تایبەتـی خـۆی هەیـە بەپێـی کات و شوێن و یاساو ڕێسـایەکان و دابونەریت دەگۆڕێت. هەنـدێ کـەس پێـی وابـوو دادپـەروەری ئەستەمە جێبەجـێ بکرێت لەبـەر ئـەوەی پێشـێلکاری زۆر هەیـە و چاودێریکـردن بەسـەر مافەکانـی مرۆڤـەوە کەمـە یـان هـەر نیـە بۆیـە کەسانێک هاتنـە دەنگ، چ بـە شـێوەی هۆشیارکردنەوە بێت یاخـود بەشـێوەی ڕاپەریـن بێـن یـان پەیڕەوکردنـی بنەماکانـی دیموکراسـی بـۆ چەسـپاندنی دادپەروەری(جـان جـاک رۆسـۆ) دەڵێـت سـێ جـۆری دادپـەروەری هەیـە کـە لەکۆنـەوە بەشـێوەی خۆڕسـک خەڵـک زانیویەتـی:

یەکـەم: دادپـەروەری خـودا. دووەم: دادپـەروەری خەڵـک سـێیەم: دادپـەروەری وێـژدان ( خـودی) ئـەم دادپەروەریـە بـووە بنەمـای سـەرەکی فەلسـەفەی دادپـەروەری دوای ئـەوە دادپـەروەری بـووە مەرجێکـی سـەرەکی دیموکراسـی و یەکسـانی.

### چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- چاودێریکردن ٢- خۆڕسک ٣- چان جاک رۆسۆ ٤- دابەشکردن

## چالاكی ناو پۆل

مەبەسـت لـە دادپـەروەری ویژدانـی چییـە؟ بـە هێنانـەوەی نموونەیـەک گفتوگـۆ دەربـارەی ئـەم بابەتـە بکـەن بـە هـاوکاری مامۆسـتای بابـەت.

## چالاكی ناو پۆل

مـرۆڤ بـە درێـژای مێـژوو هەوڵیـداوە بـۆ چەسـپاندنی جۆرەکانـی دادپـەروەری. ئـەم دەسـتەواژەیە شـیبکەوە؟ بەهـاوکاری مامۆسـتای بابـەت.

## کارامەیی گەران

لـە کۆنـەوە دادپـەروەری پرسـێکی زیندوبـووە بـۆ جێبەجێکردنـی مافەکانـی مـرۆڤ ویەکسـانی لـە نێـوان چینەکانـی کۆمەڵگـە ، بەسـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری و بـە هـاوکاری کەسـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت بـە ( شـەش ) دێـرِ باسـی یەکسـانی و دادپـەروەری بکـە.

## زیادکردنی زانیاریەکانم

**جۆرەکانی دادپەروەری بریتیە لە :**

١- دادپـەروەری دابەشـکردن: وەک دابەشـکردنی داهـات و دەسـکەوت وبەرهەمـەکان، دابەشـکردنی ئـەرک بەپێی پێویسـت و توانـا و شایسـتە بـوون. بەبێ جیـاوازی ڕەگـەزی و ئاییـن و نەتـەوە و بیروبۆچوونـەکان .

٢- دادپـەروەری بەدواداچـوون: کردارێکـە بـۆ بەدواداچوونـی هەرهەڵـە وزیانێـک کـە کرابێـت دژ بـە بەرژەوەنـدی و زیـان گەیانـدن بـە کۆمەڵگـە.

٣- دادپـەروەری لـە سزادان: هەرکردارێکـی هەڵـە دژ بـە یاسـایەکان یـان سـەرپێچی کەمتەرخەمـی لـە کار و ئەرکەکانـدا کـە دژ بـە بەرژەوەنـدی تـاک و کۆمەڵگـە و ڕێنمایـەکان بێـت بەرامبەرەکـەی سـزایە، لــەم جــۆرە دادپەروەریــە دەبێــت ســزا بەرامبــەر هەڵــە و تــاوان بێــت وسـزاش بـۆ ڕاسـتکردنەوە بێـت نـەک بـۆ تۆڵەکردنـەوە.

## چالاکی ماڵەوە

ئایـا دابونەریـت توانیوێتـی لـە جێبەجێکردنـی دادپـەروەری لـە سـزادان شـکۆمەندی مـرۆڤ بپارێزێـت؟ بەسـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی زانیـاری. وبەهـاوکاری کەسـێک لـە خێزانەکـەت بـە (شـەش) دێڕلەسـەر ئـەم بابەتـە بنووسـە.

**دەستوور بالاترین سەروەریە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی میللەت**

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم فێری جۆرەکانی دادپەروەری دەبم

نەهێشتنی بەرتیل

نەهێشتنی توندوتیژی

ڕێزگرتن لە کات

ئەمانەت

# یەکەی سێیەم — دادپەروەری لە بڕیاردان

## بیرۆکەی سەرەکی

بڕیاردان پرۆسەیەکی هزریە بۆ گەیشتن بەبڕیاری دادپەروەرانە. ئەم بەهایە وەکو بەهایەکانی تر دەکرێت، زۆرگرنگەو بەشێکی بنەڕەتیە لەژیانی ڕۆژانەماندا. پێویستیمان بەم بەهایە دادپەروەرییە دەبێت لەبڕیارە بچووک و گەورەکاندا چ تاک یان گروپ یان کۆمەڵگە. وپێویستی تاک پتر دەبێت بۆی لەکاتی گەشەکردندا، هەروەها تاچەند بەرپرسیارێتیان فرەوانترو بوو و تا ڕۆڵی ڕێبەرایەتیان زیاتر بوو لە ژیانی کەسی یان کار یان کۆمەڵگەو تەنانەت نیشتیمانیش، ئەوا دەبێت بڕیارێکی دادپەروەرانە جێبەجێبکەین دادپەروەری لەبڕیاردان بژاردەیەکە لەنێوان کۆمەڵێک بژاردەی دیکەدا هەڵیدەبژێرین یان ئەو حوکمەیە کەلەسەر بابەتێکدا دەیدەین کە لە لێکۆڵینەوەدایە و باشترین بژاردە بەراورد بەخۆمان و بارودۆخ و ژینگەمان دەکرێت.

## چەند وشەیەک بۆفێربوون

١- لێهاتووی ٢- دادپەروەری لە بڕیاردان ٣- بڕیاری ئەرێنی ٤- بڕیاری کەسی

(وێنەی دادوەر کەبڕیار دەدات)

## چالاکی ناو پۆل ١

نموونەیەک لەسەر ( دادپەروەری لە بڕیاردان) بهێنەوە و گفتوگۆ لەسەر ئەم نموونەیە بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناو پۆل ٢

جیاوازی چییە لە نێوان بڕیاری کەسی وبڕیاردانی زۆرینە؟ کامیان زیاتر دادپەروەری تیادایە لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەران

لەزۆربەی حکومەتەکانی نادیموکراسی بڕیارەکان نادادپەروەرانەیە، زۆرترین بڕیار لە بەرژەوەندی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دەبێت. بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوەکانی زانیاری وبەهاوکاری کەسێک لەئەندامانی خێزانەکەت بە (شەش ) دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

وێنەی (خێزانێک کە باوک وەستاوە پەنجەی دەوەشێنێت )

## زیادکردنی زانیاریەکانم

**جۆرەکانی دادپەروەری لەبڕیاردان**

- بڕیاری درێژخایەن: ئەم جۆرە بڕیارە کاریگەری لەسەر خۆمان و دەوروپشتماندا هەیە .
- بڕیاری پشتبەستوو بەهەستی پێشبینی (الحدس): سەرچاوەی ئەم بڕیارە هەستێکی ناوکی یان هەستی پێشبینی یان شارەزاییەکە بەبێ هیچ پرۆسەیەکی میتۆدی یان لۆژیکێکی دەستنیشانکراو.
- بڕیاری کەسی: کەسەکە خۆی بڕیار دەدات بەبێ گەڕانەوە و ڕاوێژکردن بە کەسانی دیکە، چونکە پەیوەندی بەژیانی خۆیەوە هەیە.
- کۆبڕیار: پێویست دەکات گرووپێک یان تیمێکی کار پێکەوە بڕیار بدەن.
- بەتاک: یەک کەس یان ڕێبەری گروپ بڕیار دەدات، ڕۆڵی کەسانی دیکەش ئەوەیە زانیاری کۆبکەنەوە یان بۆچوونی خۆیان بدەن.
- بڕیاری کۆکبوون: هەموو گفتوگۆ دەکەن وەرکەسێک بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو و گفتوگۆکان بەردەوام دەبن تائەو کاتەی دەگەن بەبڕیارێک هەمووان جێبەجێی دەکەن. هەندێکجار ڕێژەی دەنگی بۆ دادەنێن بۆ نموونە ئەوانەی کۆکن لەسەروی ٨٠٪ی گروپەکە بن.
- سەرپشککردن(پێدانی دەسەڵات): ئەو کەسە یان ڕێبەری گروپەکە پێوەرو ڕێنماییەکان دەستنیشان دەکات
- زۆرینە: لەڕێگەی دەنگدانەوە دەکرێت بۆیە بۆچوونی کەمینەکان دەرناکەوێت.

## چالاکی ماڵەوە

بنەماکانی دادپەروەری لەبڕیاردان چییە ؟ بە(شەش) دێڕ لەسەرئەم بابەتە بنووسە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بەهاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تیبینی ئەوە دەکەم دادپەروەری لە بڕیاردان گرنگە بۆ سیستەمی دیموکراسی.

سەرکردەیەک قسە دەکات جەماوەر ( ئیمۆجی )

سندوقی دەنگدان

گفتوگۆی پەرلەمان

خۆپیشاندان

# یەکەی چوارەم | دادپەروەری کۆمەڵایەتی

## بیرۆکەی سەرەکی

دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنەمایەکی سەرەکی پێشکەوتنی هۆشیاری تاکە، تاک پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگەیە بۆیە هۆشیاری بەشێکە لە ڕێزگرتن لە یاساو دەستووری ئەو وڵاتە ئەوەی هەموو تاکەکان لەبەردەم یاسا یەکسان دەکات جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. زۆر لە سەرکردەو ڕابەرانی جیهان لە کاتی بوونیان بە سەرکردەی وڵات دروشمی دادپەروەریان بەرزکردۆتە لە ڕێگەی دەستوورێک کە مافی هەمووان دەپارێزێت بۆیە ئاستی هۆشیاری وپێشکەوتنی تاک دڵنیایی یاسایی دروست دەکات هەمووان خۆشگوزەران دەبن لە ژێر دروشمی دادپەروەریدا. لەو کاتەی یاسا دادپەروەر دەبێت لەبەر ئەوەی بەسەر هەمووواندا بەکرداری جێبەجێدەکرێت، ناکرێت کەسێک بچەوسێندرێتەوە وناشکرێت کە فەرمانێک لە دژی ئازادی ئەو مرۆڤە ئەنجام بدرێت، کە مافی خۆیەتی ڕەفتارەکانی لەچوارچێوەی مافە دادپەروەریەکان پەیرەوبکات.

## چەند وشەیەک بۆ فێربوون

١- هۆشیاری دادپەروەری ٢- دادپەروەری نەرێنی ٣- خۆشگوزەرانی ٤- بەختەوەری

وێنەی جەماوەری ڕەنگ جیاواز هەموویان دەستیان بەرزکردۆتەوە

## چالاکی ناوپۆل ١

لە کاتی نەبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتی یاسا پێشێل دەکرێت وبوونی نابێت، ئەم دەستەواژەیە شرۆڤە بکەن بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## چالاکی ناوپۆل ٢

لەگەڵ هاوپۆلەکانت سوودەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی باسبکەن، بە هاوکاری مامۆستای بابەت.

## کارامەیی گەران

ئازادی بیروڕا ئەگەر دیوەکەی تری دادپەروەری نەبێت سەرکەتوو نابێت، هەندێکجار ئەو دادپەروەریە پێشێل دەکرێت لە ڕێگەی نەبوونی هۆشیاری هەڵبژاردن. چونکە تاکەکان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئەو کەسە هەڵدەبژێرن بەرگری لە بەرژەوەندی ئەوان دەکات نەک لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە. ئەمەش نادادپەروەریە، دەیان ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە پێناو ناساندنی بنەماکانی دادپەروەری کاردەکەن وشەرعیەتی یاساییان وەرگرتووە خەباتێکی درێژیان هەبووە، چونکە جێبەجێکردنی دادپەروەری لەکۆمەڵگەدا کاتێکی زۆری دەوێت بۆهۆشیارکردنەوەی خەڵک ودەسەڵات بەچ شێوازێکی دروست دادپەروەری جێبەجێبکەن.

بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بەهاوکاری کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بە (شەش) دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

(وێنەی)خۆپیشاندانێک لە پێناو دروشمی ئازادی دادپەروەری و یەکسانی

## زیادکردنی زانیارییەکانم

کاتێک بەشێوەیەکی ڕەها، پرسیاری ئەوە دەکەین باشترین حکومەت کامەیە؟ ئەوا پرسیارێک دەوروژێنین کێن ئەوانەی حکومەتی خراپ هەڵدەبژێرن دەبێت لەوە تێبگەین جومگەکانی دەسەلآت هەموویان لە پێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی خەبات دەکەن باشترین حکومەت باشترین دادپەروەریی بۆ کۆمەڵگەکەی دەستەبەر بکات، دەبێت خودی حکومەت ومیللەت لە پێناو بنەما دیموکراسیەکان هاوکاربن هەوڵبدەن لەڕێگەی یاساو پێشێلنەکردنی مافەکانی مرۆڤ .

یەکسانی، دادپەروەری وئازادی دروشمی ڕاستەقینە بێت لە کاری حوکمڕانی سوودەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بریتیە لە: خۆشگوزەرانی تاک وکۆمەڵ، خێزانی بەختەوەر ،حکومەتێکی دیموکراسی،ئازادی ڕاستەقینە، ئالوگۆڕکردنی دەسەلآت بەشێوەیەکی ئاشتیانە، لێبوردەیی وپێکەوەژیانی جیاوازیەکان، و دەرفەتی یەکسانی کار.

## چالاکی ماڵەوە

بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری وبەهاوکاری کەسێک لەئەندامانی خێزانەکەت ناوی دوو لە ڕابەرانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنووسە لەگەڵ دوو لە کارەکانیان لەبواری دادپەروەریدا.

## تێبینی دەکەم و بیردەکەمەوە و فێردەبم

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم کە ئەوانە ڕابەرانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون بۆ مرۆڤایەتی خەباتیان کردووە.

مارتن لۆسەر

نیلسۆن ماندێلا

غاندی

دایکە ترێزا

# سوودەکانی خوێندنەوە

گەشەکردنی زانست و زانیاری

توانا شیکارییەکانی مێشک بەهێز دەکات


بەهێزکردنی توانای نووسین

توانای بیرهاتنەوە چالاک دەکات

پەنجەرەیەکە بە رووی جیهانی دەرەوە

گەشەکردنی هەستی داهێنان


کەمکردنەوەی گرژی دەروونی



كوردستان تقرأ..كوردستان ترقى



أنعش مزاجك بـ لذة القراءة



عزيز الطالب/ الطالبة:
عندما تفتح كتابا فأنت تسمح لنور المعرفة أن يقضي على ظلام الجهل.




پارێزگاری لە ژینگە بکە..
پارێزگاریت لێ دەکات



پاکوخاوێن ڕاگرتنی ژینگە بکەین
بە کولتوری ژیانمان و بیپارێزین